28 TOO MANY
FGM...
let's end it.



# بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە لە کوردستانی عێراق:
# کورتە ڕاپۆرتێک

تشرینی یەکەم 2020

28TOOMANY
FGM...
let's end it.

# گرنگترین زانیارییە بەدەستهاتوو و نیشاندەرەکان[1]


| | |
|---|---|
| **[illegible] [illegible]:** لە کوردستانی ئێراق، ڕێژەی باوێتی بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە لە ئافرەتانی تەمەن ١٥-٤٩ ساڵ بڕیتییە لە ٤٢.٨٪ | |
| ***جوگرافیا:*** باوترین ڕێژەی ئەم دیاردەیە لە شاری هەولێر بەدی دەکرێت | |
| **[illegible]:** تەمەنی زۆربەی ئەو کچانەی ڕووبەڕووی بڕین دەبنەوە لە نێوان ٠-١٢ ساڵان دایە؛ تێکڕای ناوەندی تەمەنی بڕین لە نێوان کچانی تەمەن ٤-٥ ساڵان دایە | |
| ***جۆر:*** باوترین جۆری بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە بڕیتیە لە جۆری یەکەم (لە ٧٦.٢٪ ی حاڵەتەکان پێکدەهێنێت) | |
| ***ئەنجامدەر:*** زیاتر لە نیوەی حاڵەتەکانی بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە لەلایەن مامان و ئاریکارانی دایک لە زاندا ئەنجام دەدرێن | |
| **[illegible]:** ڕێژەی ٨٣.٦٪ لە ئافرەتانی تەمەن ١٥-٤٩ ساڵ کە لەم دیاردەیە بەئاگان باوەڕییان وایە کە پێویستە چیتر لەناوببرێت | |
| ***ژمارەی دانیشتووان:*** نزیکەی ٦ ملیۆن کەس | |
| ***ڕێژەی مردنی لەناکاوی کۆرپەلە:*** ٢٣ حاڵەتی مردن لە هەر ١٠٠٠حاڵەتێکی لەدایکبوون (٢٠١٩) | |
| ***ڕێژەی مردنی دایک لەکاتی لەدایکبوون:*** ٧٩ حاڵەتی مردن لە هەر ١٠٠ هەزار حاڵەتێکی لەدایکبوون (لە سەرانسەری ئێراق، ٢٠١٧) | |
| ***خوێندەواری:*** لە دانیشتووانانی سەروو ١٥ ساڵ، ٧٩٪ توانای خوێندنەوە و ٧٨٪ توانای نووسینیان هەیە | |

# پێشەکی

نزیکەی ٣٠-٤٠ ملیۆن کورد نیشتەجێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن بەدرێژایی سوریا لە ڕۆژئاوا بەرەو ئێران لە ڕۆژهەڵات، ئێراق لە باشوور و تورکیا لە باکوور. ژمارەی دانیشتووانی کوردستانی ئێراق، کە ناوچەیەکە لە باکووری ئێراق، نزیکەی ٦ ملیۆن کەسە (٪١٧ بۆ ٪٢٠ ی تەواوی ژمارەی دانیشتووانی ئێراق پێکدەهێنێت).

لە ساڵی ٢٠٠٥، پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسەین، کوردستان هەرێمێکی فیدراڵی سەربەخۆی پێدرا [2] بەپێی دەستووری نوێی ئێراق. سەرەڕای ئەوەی کوردانی ئێراق دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا لە ڕیفراندۆمێکی نارەسمی لە ساڵی ٢٠١٧، ڕکابەریی لەسەر دەسەڵات لە نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم هەروەها لە نێو هەرێمەکە خۆیدا بەردەوامە، لە میانەی هەبوونی قەیرانێکی ئابووریدا.

# ڕێژەی باوێتی بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە




ڕێژەی باوێتی بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە لە کوردستانی ئێراق

[سەرچاوەی ئامار 2011 MICS]    © 28 Too Many


زۆرینەی حاڵەتەکانی بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە لە ئێراق لە هەرێمی کوردستان دایە. ڕێژەی باوێتی ئەم [3] دیاردەیە لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر بریتیە لە زیاتر لە ٪٥٠. لە پارێزگای دهۆك، کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای هەرێمەکە، ئەم دیاردەیە بە ڕێژەیەکی کەمتر بەدی دەکرێت کە بریتیە لە ٪١.٧. بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە دیاردەیەکی زۆر بڵاو نییە لە ناوچەکانی تری ئێراق و ڕێژەی باوێتی بریتیە لە نزیکەی ٪١.

جیاوازییەکی کەم هەیە لە ڕێژەی باوێتی بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە لە نێوان دانیشتووانی شارەکان (٪٤٣) [4] و دانیشتووانی لادێ (٪٤٢). ڕێژەیەی هەرە زۆری ئەم حاڵەتانە (نزیکەی ٪٧٠) لە ناوچەکانی نزیک سنووری ئێران بەدی دەکرێن.[5]

زیاتر لە نیوەی ئەو ئافرەتانەی کە نەخراونەتە بەر خوێندن یاخود تەنها ئاستێکی بنەڕەتیی خوێندنیان [6] وەرگرتووە (٪٥٥) ڕووبەڕووی بڕینی ئەندامی زاوزێ بوونەتەوە، لە کاتێکدا ئەم دیاردەیە لە سێیەکی ئەو ئافرەتانە بەدی دەکرێت کە ئاستێکی خوێندنی ناوەندی یاخود باڵایان وەرگرتووە (٪٣٣). ڕێژەی بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە لە نێو ئەو ئافرەتانە زیاترە کە بەشێکن لە هەژارترین چینی کۆمەڵگە (٪٥٧)، بە بەراورد بەو ئافرەتانەی بەشێکن لە زەنگینترین چینی کۆمەڵگە (٪٢٦).

هاوشانی مامان و ئاریکارانی دایک لە زاندا، بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە لەوانەیە لەلایەن ئەندامانی تری [7] کۆمەڵگەوە ئەنجام بدرێت (بۆ نمونە خزم و کەسوکار). بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە بەزۆری لەنێو ماڵدا [8] ئەنجام دەدرێت بەبەکارهێنانی گوێزان.

## ڕەوتەکانی باوێتی بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە



سەرژمێرییەکانی یونیسێف لە ئێراق (کە کوردستانی ئێراقیش دەگرێتەوە) پێش ساڵی ٢٠١١ هیچ ئامارێکی بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینەیان تێدا نەبوو؛ هەربۆیە ناتوانین ڕێژەی باوێتی ئەوکاتە (کە ٤٢.٨٪ بوو) بەراورد بکەین بە ڕێژەی ساڵانی پێشتر. لەگەڵ ئەوەشدا، بەهۆی ئەو جیاوازییە گەورەیەی بەدی دەکرێت لە نێوان تەمەنی ئەو ئافرەتانەی بەژداری سەرژمێرییەکانیان کردووە، لەوانەیە هەژمارکردنی ڕێژەی باوێتی گشتی پێوەرێکی باش نەبێت بۆ پێوانەکردنی ئاستی بەرەوپێشچوون لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا. لە میانەی لێکۆڵینەوە لە نوێترین ئامارەکان، دەبینین بەرزترین ڕێژەی باوێتی لە ئافرەتانی تەمەن ٤٥-٤٩ ساڵیدایە (٥٥٪)، لە کاتێکدا ڕێژەی باوێتی لە لاوترین ئاستی سەرژمێرییەکە دادەبەزێت بۆ ٢٩٪. سەرەڕای کەمی ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کە لەوانەیە ڕووبەڕووی بڕین ببنەوە دوای تەمەنی ١٥ ساڵی، ئامارەکان ڕەوتێکی ئاشکرا و هاندەر پێشان دەدەن بە ئاڕاستەی ڕێژەیەکی کەمتری ئەم دیاردەیە لەنێو ئافرەتانی لاودا.[9]

# هۆشیاریی و تێگەیشتن

٨٦.١٪ لە ئافرەتانی کورد لە تەمەنەکانی ١٥-٤٩ ساڵ لە بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە بەئاگان.[10]

سەرەڕای ئەوەی دواین سەرژمێرییەکانی یونیسێف دەری دەخەن کە ٨٣.٦٪ لە ئافرەتانی کوردی تەمەن[11] ١٥-٤٩ ساڵ باوەڕییان وایە کە پێویستە چیتر ئەم کردەوەیە بوەستێنرێت، چەندین هەڵوێستی جیاواز سەبارەت بەم بەبابەتە بەدی دەکرێن، وە زۆرینەی ئەو ئافرەتانەی پشتگیری ئەم کردەوەیە دەکەن سەر بە خێزانێکی کەم دەرامەت و خاوەن ئاستێکی خوێندنی نزمن. هەروەها پشتگیری بۆ بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە زیاتر لەو ئافرەتانە بەدی دەکرێت کە خۆیان ڕووبەڕووی بڕین بوونەتەوە، نەک بە پێچەوانەوە.

لە ٧٩.٢٪ی حاڵەتەکاندا، دایکان بڕیاری بڕینی کچەکانییان دەدەن، لە کاتێکدا لە ١١.٢٪ی حاڵەتەکاندا[12] داپیرەکان بڕیار دەدەن.

زۆرینەی کوردانی کورستانی ئێراق موسڵمانی سونین. لە نێو ئەو کۆمەڵگایانەی پشتگیری بڕین دەکەن، لە ٥٠.٣٪ی حاڵەتەکاندا ئایین وەکو هۆکاری سەرەکی بڕین ئاماژەی پێ دەکرێت و "هۆکاری کۆمەڵایەتی" لە ٤٠.٧٪ی حاڵەتەکاندا. ژمارەیەک توێژینەوەی تر تێبینی ئەوەیان کردووە کە لە هەندێك پارێزگادا کەمتر گرنگی دەدرێت بە زانینی هۆکارەکانی بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە بە بەراورد بە پارێزگاکانی تر.[13] [14]

# سنوور تێپەڕاندنی نێو وڵاتان

لە ژمارەیەک وڵات کە بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینەی تێدا نایاسایی کراوە، ئەوانەی ئەم کردەوەیە ئەنجام دەدەن پەنایان بردۆتەوە بەر تێپەڕاندنی سنووری وڵاتانی تر لە پێناو خۆپاراستن لە سزای یاسایی. کوردستانی ئێراق دەکەوێتە سەر سنووری ئێران بەرەو ڕۆژهەڵات و تورکیا بەرەوە باکوور.

حاڵەتی بڕین لەم ناوچە سەر سنوورانە تۆمارکراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەزانراوە تا چ رادەیەک دانیشتووانی ئەم ووڵاتە دراوسێیانە سنوور تێدەپەڕێنن و دێنە ناو خاکی کوردستانی ئێراق بە مەبەستی بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە.

28TOOMANY
FGM...
let's end it.

# بڕینی پزیشكی

له كوردستان زیاتر له نیوەی حاڵەتەكانی بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینه لەلایەن مامان و ئاریكارانی دایک له [15] زاندا ئەنجام دەدرێن. ئەم ژمارەیه تەنها كەسانی بێ مۆڵەتی پزیشكی ناگرێتەوە، بەڵكو كەسانی مەشق پێكراو و مۆڵەت پێدراوی لایەنه تەندروستییەكانیش دەگرێتەوە. ٪١٥.٤ی حاڵەتەكانیش لەلایەن "ئەندامی تری دەستەی پزیشكی"ەوە ئەنجام دەدرێن.

بەو هۆیەوە، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی ئەم بڕینانه له نێو ماڵدا ئەنجام دەدرێن نەك دەزگایەكی تەندروستی، وا دیاره ژمارەیەك پیشەگەری تەندروستی هەن كه هەڵدەستن بەم نەشتەرگەرییه، و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كه بڕینی پزیشكی گرفتێكی تره له كوردستان. پێویستمان به ئاماری زیاتره بۆ زانینی باوێتی ئەم حاڵەتانه.

پیشەگەرانی تەندروستی كه هەڵدەستن به ئەنجامدانی بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینه دەكرێت به بارودۆخی توند تاوانبار بكرێن و سزا بدرێن به قەدەغەكردن له پەیڕەوكردنی پیشەكانیان بەپێی بڕگەی ٦ی یاسای بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ساڵی ٢٠١١. (له خوارەوە دەبینرێت)

# بەیاساییكردن

له ساڵی ٢٠١١، **یاسای بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی (ژمارە ٨)** له هەرێمی كوردستانی ئێراق [16] ڕاگەیەندرا. بڕینی ئەندامی زاوازێی مێینه وەكو كردارێكی توندوتیژی خێزانی ئاماژەی پێكرا له **بڕگەی ٢**ی یاساكەدا.

**بڕگەی ٦** زانیاری زیاتر دابین دەكات و سزای ئەوانە دیار دەكات كه هەڵدەستن به ئەنجامدانی بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینەوە و هەروەها ئەوانەشی كه هان و یارمەتییان دەدەن.

یەكەم: سزا ئەدرێت به بژاردن كەمتر نەبێت له یەك ملیون دینارو زیاتر نەبێت له پێنج ملیون دینار هەركەسێك هانی ئەنجامدانی بڕینی ئەندامی زاوازێی مێینه بدات

دووەهەم: سزا ئەدرێت به حەپسكردن ماوەیەك كەمتر نەبێت له شەش مانگ و زیاتر نەبێت له دوو ساڵ وبەبژاردن كەمترنەبێت له دوو ملیون دینار وزیاتر نەبێت له پێنج ملیون دینار، یان بەیەكێك لەم دوو سزایه هەركەسێك هەڵسێت بەئەنجامدان یان هاوبەش بێت له بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینه.

سێهەم: سزا ئەدرێت بەحەپسكردن ماوەیەك كەمتر نەبێت له یەك ساڵو زیاتر نەبێت له سێ ساڵ وبەبژاردن كەمتر نەبێت له پێنج ملیون دینارو زیاتر نەبێت له ١٠ ملیون دینار یان بەیەكێك لەم دوو سزایه هەركەسێك هەڵسێت بەئەنجامدان یان هاوبەش بێت له بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینه ئەگەر هاتوو ناكام بوو.

چوارەم: بەبارودۆخی توندكردن دادەنرێت بۆ تاوانكار ئەگەر هاتوو بكەر پزیشك یان دەرمانساز یان كیمیاگەر یان مامان یان یەكێك له یاریدەدەرەكانیان بوون ولەسەر دادگایه فەرمان بدات به قەدەغەكردنی پەیڕەوكردنی پیشەكەی یان كارەكەی ماوەیەك زیاتر نەبێت لەسێ ساڵ.

له ئێستادا هیچ زانیارییەکی بڵاوکراوە نییە دەربارەی هێنانی حاڵەتێکی بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە بۆ دادگا [17] لەژێر یاسای بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی. سەرەڕای ئەوەی دانانی یاساکە بووە هۆی زیادکردنی هۆشیاری خەڵکی هەرێم بۆ ۆسیەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، جێبەجێکردن و سەپاندنی یاساکە ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بووەتەوە و بە کەموکوڕ ناوبراوە لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ.

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە پەیوەندی نێوان یاسا و بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە، سەردانی ئەم بەستەرە بکە:

**https://www.28toomany.org/thematic/law-and-fgm/**.

# کارکردن بۆ لەناوبردنی بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە

بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە لە کوردستانی ئێراق بۆ یەکەمجار لە سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠ تیشکی خرایە [18] سەر وەکو دەرەنجامی کاری بەکۆمەڵی تیمی بایەخپێدانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ڕێکخراوی ناحکومی ئەڵمانی بە ناوی (وادی). دوای ئەوەی ژمارەیەك سەرژمێری و ڕاپۆرتی ڕێکخراوی (وادی) ئاستی بڵاویی ئەم دیاردەیەیان لە هەرێمەکە ئاشکراکردن لە ساڵانی ٢٠١٠ و ٢٠١٢، ڕێکخراوەکە شانبەشانی ژمارەیەك ڕێکخراوی ناوخۆیی (ڕێکخراوەکانی شارستانی و مافی ئافرەتان) دەستیان کرد بە هەڵمەتی "کۆتایی پێهێنانی بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە لە کوردستان"، بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە مەترسییە تەندروستییەکانی و لۆبی کردن بۆ بەنایاساییکردنی. لە دەرەنجامی ژمارەیەك سکاڵا و بەکارهێنانی میدیاکانی ڕاگەیاندن، هەروەها بە پاڵپشتی ژمارەیەك ئەندام پەرلەمانی کوردستان، بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە قەدەغەکرا لە ژێر یاسای بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی. لە هەمان کاتیشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمانی دامەزراند بۆ بەرەنگاربوونەی هەموو جۆرە توندتوژییەك لەسەر بنەمای ڕەگەز، کە بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینەش دەگرێتەوە.

لەوکاتەوە، (وادی) بەردەوامە لە هەڵمەتەکەی بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەم دیاردەیە لە هەرێمەکە بەهاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی. میدیا ناوخۆییەکان بەردەوامن لە ڕاپۆرتکردنی ئەم بابەتە، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٢ ژمارەیەکی تەلەفۆنی هێڵی گەرم دیاریکرا بەمەبەستی دابینکردنی هاوکاری لەو حاڵەتانەدا (بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە سەردانی بەستەرەکە بکە)

**https://wadionlineen.files.wordpress.com/2017/04/reporthotline2012.pdf**).

بەو پێیەی بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە کردارێکی قەدەغەکراوە لە کۆمەڵگەیەکی خۆپارێز لە گۆڕان، گرفت و ئاستەنگییەکان بەردەوامە بۆ ئەو ڕێکخراوانەی هەوڵی دابینکردنی مافی ئافرەتان و کۆتایی پێهێنانی ئەم دیاردەیە دەدەن. توێژینەوەکان پێویستییەکی بەردەوام دەخەنە ڕوو بۆ زنجیرەیەکی درێژخایەنی پەروەردەکاری دایکان و باوکان، ئاریکارانی دایك لە زاندا، مامان، و سەرکردە ئاینییەکان، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە ڕێژەیەکی بەرزی باوێتی تێدا بەدی دەکرێت. پاڵپشتی زیاتری سیاسی و دارایی بۆ هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە و پەروەردەکردنی کۆمەڵگە، شانبەشانی سەپاندنی یاسا، بەشێکن لە داوا بەردەوامەکانی چالاکوانان.

کارکردن لەسەر ئەم بابەتە لە کوردستان تیشکی خستۆتە سەر خاڵێکی تریش کە بریتیە لە بێئاگایی پیاوان لە دیاردەی بڕینی ئەندامی زاوزایی مێینە و ئامادە نەبوونیان لە پرۆسەی بڕیاردانی بڕینی کچەکانیان. لەبەر ئەو هۆکارەش پێویستییەکی ڕاستەوخۆ هەیە بۆ پەروەردەکردنی باوکان لەم بارەیەوە و هاندانیان بۆ دژایەتیکردنی

ئەم کردەوەیە. خاڵێکی گرنگی تریش بۆ لەناوبردنی دیاردەی بڕین لە ناوچەکە بریتیە لە پەروەردەکردنی دایکان، کە هەمیشە کاریگەرییەکی ئەرێنییانەی هەیە لەسەر گۆڕینی هەڵوێست و نیازی بڕینی نەوەکانی داهاتوو.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە و هەوڵەکان بۆ لەناوبردنی ئەم دیاردەیە لە هەرێمی کوردستان تکایە سەردانی ئەم سەرچاوانەی ڕێکخراوی (وادی) بکە

*WADI: The Campaign Against Female Genital Mutilation*
**https://wadi-online.org/2017/03/06/the-campaign-against-female-genital-mutilation/**

*Female Genital Mutilation in Iraqi-Kurdistan: An Empirical Study by WADI (2010)*
**https://www.28toomany.org/static/media/uploads/Continent%20Research%20and%20Resources/Middle%20East/study_fgm_iraqi_kurdistan_en.pdf**

*Female Genital Mutilation Among Iraqi Kurdish Women: A Cross-Sectional Study from Erbil City (2012)*
**https://www.28toomany.org/static/media/uploads/Continent%20Research%20and%20Resources/Middle%20East/art_3a10.1186_2f1471-2458-13-809.pdf67**

بەدرێژایی سەردەم چەندەها دەستەواژەی جیاواز بۆ دیاردەی "بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە" بەکارهاتووە و پەرەیان سەندووە و هەر دەستەواژەیەك ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی جیاوازن سەبارەت بەم کردەوەیە.
لەناوبردنی ئەم دیاردەیە و پاراستنی کچە لاوەکانمان پێویستی بە جیاکارییەکی تەواوی زمانەوانی و واتایی هەیە.

بەیاننامەی هاوبەشی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە، ڕێکخراوی تەندروستی نێودەوڵەتی ٢٠٠٨)

پاشکۆ ١: تێبینی لەسەر زاراوە
"بەکارهێنانی دەستەواژەی "بڕین" جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە ئەم دیاردەیە پێشێلکردنی مافەکانی کچان و ئافرەتانە، و یارمەتی هاندانی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی دەدات بۆ لەناوبردنی دیاردەکە"

# سەرچاوەکان


1 - **('MICS'):** The Central Statistics Organization and the Kurdistan Statistics Office (2012) *Iraq Multiple Index Cluster Survey 2011, Final Report*, pp.159–163. Baghdad, Iraq: The Central Statistics Organization and the Kurdistan Regional Statistics Office. Available at https://mics-surveys-prod.s3.amazonaws.com/MICS4/Middle%20East%20and%20North%20Africa/Iraq/2011/Final/Iraq%202011%20MICS_English.pdf.

- Rozhgar A. Saleem, Nasih Othman, Fattah H. Fattah, Luma Hazim and Berivan Adnan (2013) 'Female Genital Mutilation in Iraqi Kurdistan: Description and Associated Factors', *Woman and Health*, 53(6), pp.537–551. Available at https://www.tandfonline.com/doi/full/10.1080/03630242.2013.815681 (accessed 25 June 2020).
- World Health Organization (2017) *Maternal mortality ratio (per 100 000 live births)*. Available at https://www.who.int/data/gho/data/indicators/indicator-details/GHO/maternal-mortality-ratio-(per-100-000-live-births) (accessed 25 June 2020).
- Kurdistan Regional Statistics Office, International Organization for Migration and the United Nations Population Fund (2018) *Demographic Survey: Kurdistan Region of Iraq*. Available at https://iraq.iom.int/files/KRSO_IOM_UNFPA_Demographic_Survey_Kurdistan_Region_of_Iraq.pdf (accessed 25 June 2020).
- WADI – Association for Crisis Assistance and Development Co-operation (2010) *Female Genital Mutilation in Iraqi Kurdistan: An Empirical Study by WADI*. Available at https://www.28toomany.org/static/media/uploads/Continent%20Research%20and%20Resources/Middle%20East/study_fgm_iraqi_kurdistan_en.pdf (accessed 26 June 2020).

2 - BBC News (2018) *Iraqi Kurdistan profile*, 25 April. Available at https://www.bbc.com/news/world-middle-east-28147263 (accessed 26 June 2020).

- Mahmut Bozarslan (2020) 'Decentralization push sparks fears of division in Iraqi Kurdistan', *Al-Monitor*, 14 May. Available at https://www.al-monitor.com/pulse/originals/2020/05/turkey-iraqi-kurdistan-intra-tensions-among-kurds-kdp-puk.html (accessed 26 June 2020).

3 MICS, p.160.
4 Calculated from the original MICS dataset.
5 Rozhgar A. Saleem *et. al.*, *op. cit.*
6 Calculated from the original MICS dataset.
7 Rozhgar A. Saleem *et. al.*, *op. cit.*, p.543.
8 WADI – Association for Crisis Assistance and Development Co-operation, *op. cit.*, p.9.
9 Calculated from the original MICS dataset.
10 MICS, p.162.
11 MICS, p.162.
12 Rozhgar A. Saleem *et. al.*, *op. cit.*, p.543.
13 *Ibid.*
14 WADI – Association for Crisis Assistance and Development Co-operation, *op. cit.*, p.19.
15 Rozhgar A. Saleem *et. al.*, *op. cit.*, p.543 and 548.
16 *Act No. 8 from 2011 The Act of Combatting Domestic Violence in Kurdistan Region – Iraq* (2011) Available at http://www.ekrg.org/files/pdf/combat_domestic_violence_english.pdf (accessed 26 June 2020).
17 D. Parvaz (2016) 'Combatting Domestic Violence in Iraq's Kurdish region', *Aljazeera*, 7 October. Available at https://www.aljazeera.com/indepth/features/2016/10/combating-domestic-violence-iraq-kurdish-region-161007093040513.html (accessed 26 June 2020).
18 - Berivan A. Yasin, Namir G. Al-Tawil, Nazar P. Shabila and Tariq S. Al-Hadithi (2013) 'Female genital mutilation among Iraqi Kurdish women: a cross-sectional study from Erbil city', *BMC Public Health*, 13:809. Available at https://www.28toomany.org/static/media/uploads/Continent%20Research%20and%20Resources/Middle%20East/art_3a10.1186_2f1471-2458-13-809.pdf (accessed 26 June 2020).

- WADI – Association for Crisis Assistance and Development Co-operation, *op. cit.*


***Cover image:*** Kurdistan (2010) *Kurdistan*, 2 February. Available at https://flic.kr/p/7A1WGn.
CCL: https://creativecommons.org/licenses/by-sa/2.0/.

*تێبینی: بەکارهێنانی وێنەی هەر ئافرەتێك یاخود کچێك لەم ڕاپۆرتە مانای ئەوە نادات کە ئەوکەسانە ڕووبەڕووی بڕینی ئەندامی زاوزێ بوونەتەوە یاخود پێچەوانەوەی ئەو قسەیە*

*ڕێکخراوی (٢٨ توو مێنی) دەیەوێت سوپاسی (تاپی ستوو) بکات بۆ هاوکاریکردنی لەتوێژینەوەی ئەم ڕاپۆرتە*

*ڕێکخراوی (٢٨ توو مێنی) دەیەوێت سوپاسی (چێنەر چالاك) بکات لە بەرامبەر وەرگێڕان و پێداچوونەوەی ئەم ڕاپۆرتە.*

#NOFGM

© 28 Too Many 2020
Registered Charity No. 1150379
Limited Company No. 08122211
Email: info@28toomany.org